
# کوردستانە ئێمرۆ

ھەر شت لە پێناوی چارەسەری کێشەی کوردستاندا

ساڵی یەکەم  ژمارە ١  نەورۆزی ٢٧٠٠ کوردی  ئاداری ٢٠٠٠ زاینی



٢٨ مین سەدەی کوردی بیرۆزبێ

# Kurdistana îro

Her Tişt di pênava careseriya pirsa Kurdistan de

Sal-1 Hejmar-1 2699

Roja esîl a bîna xwe dide me,
Û dîsa
siya ku em xwe lê digrin
dide me
Roja ku
goşiyên tirî û simbilan
disîtewîne,

Xwe
jibo şahî û pîrozbahiyên me
vedikşîne
ji dînbûn
û
serxweşiyên me re
bêhnfireh e.
Û roja din,
dîsa wek roja berê ye,
bi heman comerdiyê hil tê,
ji me,
ne sipasî
û ne jî sertewandinê dixwaze
Dema hil tê
PÎROZ E ROJA ME
û dema diçe ava jî.

MANI

## رۆژەڤی مانگ

### ساڵی تازە ، سەرەتای سەدەی بیست و هەشتەمی کوردستان

هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی هەزارەی سێیەم و سەدەی بیست ویەکەمدا ئاگامان لەگۆرانکاریەکی یەکجار گەورەی مێژوویی برابوو . هەر ئەوەی رۆژەکان هەڵوەرین و نەورۆز لێمان نزیک بۆوە، کوت و پر راچڵەکاین . ئەوجا تێگەیشتین ؛ بەڵێ خۆ تەنیا جیهانی کریستیانی نیە دەربازی سەدەی نوێی خۆی دەبێ ، مێژوی کوردستانیش سەدەی بیست و هەشتەمی خۆی دەست پێدەکا و لە نەورۆزرا پێ دەنێینە ٢٧٠٠ مین ساڵەی مێژوی کوردستانەوە.

لەسەرەتای سەدەی تازەی کوردیدا وردە-وردە ئەم مانگەش چێتڵێن رووداوەکانی ئەم مانگەش سەرنج راکێش بوون. گیرانی سەرۆک شارەوانیەکانی کوردستان دنیای دیموکراتی سەرسام کرد ، وەڵێ کوت و پر بەربرانیشیان دوهێندەی دی دەورویەرە رامیاریەکانی جیهانی کاس کرد. پرسیارەکە ئەوە بوو، بۆچی گرتنیان و چما زوش بەریان دان ؟ لە راستیدا گرتن و بەردانی سەرۆک شارەوانیەکان ئاستی پێنەگەیشتوویی رەوشی کۆمەلایەتی و پرۆسەی دیموکراتی تورکیای نیشان دا. هەروەها گرتن کاری باسکە نژادپەرستە دژە دیموکراتیەکەی سیستەم بوو، بەردانەکەش کاری باسکە لیبرالە دیموکراتیەکە بوو. گرتن و بەردانی سەرۆک شارەوانیەکان ئەنجامی کێشمەکێشی نێوان باسکە دژ بە یەکەکانی تورکیا بوو کە لە ئاکامدا رای گشتی جیهانی و باسکە لیبراڵە دیموکراتیەکە پێش کەوت. ئەوەش راستیەکەمان پێدەسەلمێنێ کە بەختی پێڤاژۆی بە دیموکراتی کردنی تورکیا چەندە!

هەڵوێستی رەسمی ئەمریکا و باسی دەرهێنانی ناوی PKK لە لیستەی تیرۆرکاری و ئازادی کاروباری سیاسی ، بەو پێڤاژۆیەوە گرێدراوە. راستیەکەی ئەوەیە کە ئەمریکیەکان بەو راگەیاندنە، بروسکەیەکی تازە دەدەنە لایەنی کورد «گوایە پشتوانی لە یاکێتی چارەسەری لایەنی کورد دەکەن».

دەستەی نووسەران

# کوردستانی ئیمرۆ

وەشانی دەزگای چاپەمەنی کوردستانی ئیمرۆ

KURDISKA INSTITUTET
Fitchomsgatan 15 3 tr.
112 40 STOCKHOLM/SWEDEN
Tel. & Fax: 46-8-652 ... 29

خودان و سەرنووسەر
مەجیدێ حەسۆ

Der Herausgeber und die Redaktion:
Magied Hasso MURAD

Diese Zeitschrift ist eine Publikation des Verlages ( Kurdistan Heute)

لەم ژمارەدا:

- پارتی کرێکارانی کوردستان و گۆران لاپەرە ٤
- گێجەڵی ناونەتەوەیی و نەتەوەپەرستی سەرەتایی کورد لاپەرە ٦
- هەڵەبجە گۆری خیانەتی بو لاپەرە ١٢
- سەدەی نوێ وتەفکەری رۆژهەڵاتی کوردستان لاپەرە ١٧
- هونەرمەند بەسەر شاهی لەدیدارێکی تایبەتدا لاپەرە ٣٤
- رۆژی جیهانی ژنان لاپەرە ٤١
- گوتوبێژ لەگەڵ شاعیروهونەرمەندی کورد خالید دلێر لاپەرە ٤٢

دەرهێنانی هونەری
فەهمی باڵایی


تایپ
تانیا بەرزنجی

سەرنج:

- ئەو بابەتانەی دەنێردرێن تایپ کراوبن و لە سەر لاپەرەیەک بنوسرێن باشترە.
- کوردستانی ئیمرۆ لەباری رێزمان و رێنوسەوە دەستکاری نوسراوەکان دەکا ، وەڵێ دەست لە ناوەرۆک وەرنادا.
- جگە لە بابەتی ، رۆژەڤی مانگ ، و روانگەی فەرمی گۆڤار، کوردستانی ئیمرۆ بەرپرسیاری ناوەرۆکی نوسراوەکان نیە.
- بابەتی نێردراو ناگەرێندرێنەوە.

ئابونەی مانگانە لە ئەڵمانیا 8 مارک ، ساڵانە 160 مارک - لە ولاتانی دی 10 مارک، ساڵانە 120 مارک - دەتوانرێ ئابونەی 6 مانگانەش بکرێ

Murad ( Kurdistani Imro ) Dresdner Bank Konto Nummer: 05 301 29 401 Bankleitzahl: 100 800 00
Adress: MURAD Platz der Vereinten Nationen 27 10249 Berlin TelFax:0049 30 89 54 27 15



# ڕۆژباش گەریلا

**هونەرمەند پارچەیەکی ژیانی جەماوەرە گەل لە چ ڕەوشێکدایە دەبێ تێیدا بژی و ڕەنگی بداتەوە ئەگەر سەرهەڵدانە دەبێ زایەڵەی سەرهەڵدان بێ گەر شۆڕش پێویستە ئاوێنەی شۆڕش بێ**







**کوردستانی ئیمڕۆ لەگەڵ هونەرمەندی کوردستانی ، بەسەر شاهین ، ئەم هەڤپەیڤینەی ئەنجام داوە. بەسێ خەڵکی باکوری کوردستانە و هونەرمەندێکە کە دەنگی لەسەرەتای نەوەدەکاندا هەڵیداوە و وێرای شۆڕشی رزگاری - دیموکراتی کوردستان هەڵیکردوە . ،بەسەر، بۆتە دەنگی ڕەسای شەر ، ئاشتی و ئازادی تێکرا ! واتە لەلایەک دەنگی چەک و گەریلا بووە ولە لای دیکەش دەنگی ئاشتی و جەماوەر . کوردستانیەکان ،بەسێ، بە سترانی ،گەریلا ڕۆژباش، دەناسن . دەنگی گڕ و حیماسە ئاسایی ،بەسێ، لەدڵی کوردستانیەکاندا نەخشاوە. ئەو دوای سێ چوار ساڵ کەمکاری سەرلەنوێ دەنگەکەی خستۆتە کار و لە قۆناخی چارەسەری پرسەکەماندا ، دەیەوێ ببێتەوە دەنگی کۆمەڵ و کێشەکەی و هانی چارەسەری بدا.**

**کوردستانی ئیمڕۆ: سەرەتا بە کورتی خۆتان بە خوێنەرانمان بناسێنن ؟**

بەسەر شاهین : ناوی ڕاستەقینەم ،بەسەر شاهینە ، ساڵی ١٩٦٩ لە دایک بووم. لەبنەرەتدا خەڵکی دێرسیمین ، وەلێ لەبەر کوشتارەکان ، کۆچمان کردۆتە کۆچگری ، نزیکەی ٤٠٠ ساڵە لەوێ دەژین ، هەتا ١٢ ساڵیم لە کوردستان گەورە بووم .

دوایی لەبەر خوێندن و هەژاری دەربازی مێترۆپۆلەکانی تورکیا بووین . بۆ ماوەی ١٥ ساڵان لە ئەستەنبۆڵدا ژیاوم . ئیتر لەو کاتەوە کوردستانم ناسی.

**کوردستانی ئیمڕۆ: ناوی بەسەر شاهین و بەتایبەت سترانی ،گەریلا ڕۆژباش، بوونەتە ناوی هەمیشەیی و لەدڵی گەل و مێژوودا نەخشێندراون . ئێوە لە هونەرێکدا خەبتیون کەپێی دەبێژن ،هونەری بەرخۆدان، یان هونەری شۆڕشگێری، ئێوە ڕۆڵی هونەری بەرخۆدەر لەپێڤاژۆی رزگاری نیشتمانیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

بەسەر شاهین : بێگومان هونەرمەند پارچەیەکی ژیانی جەماوەرە. گەل لە چ رەوشێکدایە، دەبێ تێیدا بژی و رەنگی بداتەوە . ئەگەر سەرهەڵدانە . دەبێ زایەڵەی سەرهەڵدان بێ ، گەر شۆڕش پێویستە ئاوێنەی شۆڕش بێ . ئەو دەمەی من دەستم پەستراندن کرد ، بۆ گەلی کوردستان دەمێکی یەکجار گرنگی مێژوویی بوو. ئاستی مێژووی کوردستان هێندە بەرز ببۆوە کە پێویستی بە لایەنەکانی دیکەی خەباتیش هەبوو ، واتە ئەدەبیاتی شۆڕش پێویستی بە هەڵمەتێکی نوێ بوو. دەتوانم بێژم مرۆڤ هەتا ڕادەیەکی بەرز دەتوانێ ببێتە بەرسڤ . ئێمە تۆزکاڵێک ئەو وەڵامەمان دابۆوە . باسی بێدەنگیەکی چەند ساڵەت دەکرد ، دەتوانم بێژم ئەو بێدەنگیە ، بێدەنگی تێگەیشتنی بوو . من باسی تێگەیشتنی فەلسەفەی ژیانی تازە دەکەم ، باسی تێگەیشتنی ئەدەبیاتەکەی دەکەم. لەم ماوەیەدا ڕاستیەکەم بۆ ئاشکرا بوو کە پێویستە هونەرمەند بەربڵاو بژێ . ئەو وەڵامەی ئێمڕۆ پێویستە ، هەر ئیمڕۆ بیداتەوە . ئەوەی سبەینێش ئیمڕۆ ئامادەی بکا. ئەگەرنیش نابێ . خۆ بەیانی هەر بەیانیە ! بە کورتایی مرۆڤ دەبێ بێژێ ئەو قۆناخەی کوردستانیەکان دەربازیان کرد ئاسایی نەبوو ، تەنانەت هەتا ئیمڕۆش ئاواهیە. ئەگەر لە پێشکەوتنەکان جێ بمێنی ئابیە وەلام ، ئەوجا مرۆڤ خۆی هەڵنەفریوێنێ.

**کوردستانی ئیمڕۆ: کێشەکانی هونەر و موزیکی کوردستانی چین ؟ بۆ پێش خستنی پێشنیار چارەسەری ئێوە چۆنە؟**

بەسەر شاهین : گەلێک کێشە و کۆسپ لەپێشماندایە. یەکێکیان ئەمەیەکە زۆرینەی جەماوەر ئەم زمانە شیرینە تێناگەن یان بە هەڵە لێی تێدەگەن . من هونەر وەک ژیان دەنرخێنم، چونکە کام کۆمەڵ دەبێ بێ ، ڕۆشنبیرییەکی تایبەتی هەیە. ڕۆشنبیری ناسنامەی گەلانە ، گەلان چەندی پێشکەوتوون و چەندی بەهایان هەیە، ئەوەندە دەوڵەمەندن. سەیری مێژووی کوردستان بکە. هەر لە دەسپێکەوە شارستانی لە خاکی میزۆپۆتامیای ئیمڕۆ سەری هەڵداوە . ئەگەر مێژومان ئەوەندە زڵم و زۆر و کوشتار و تاڵانی لەسەر کراوە و هێشتاش هەرماوین ، ئەوا لەبەر ئەو دەوڵەمەندییە ڕۆشنبیرییە بووە. لەم سەردەمەشدا بەم تێکۆشینە تازەیەمان کۆمەڵی کوردستان هەمدیسان بەرەو ڕاستی ڕۆشنبیری خۆی هەڵدەگەڕێتەوە و خەریکی ناسینەوەی ئەو دەوڵەمەندییەتی . بۆیە پێویستە ئیمڕۆ چیمان گرتە دەست ، بە زانایی بیگرین و بە کوێرەی ئەو دەوڵەمەندیە و ڕاستیەی سەرێ بێ . گەلی فیداکاری کوردستان بۆ ئازادی گەلێک رەنجی کێشاوە و دەبێ بە کوێرەی ئەو هەستیاریە ،حەساسیە، ڕێ بکەین . ئەمە یەک ، یەکو دوایش پێویستە بەرەی ڕۆشنبیری بەرفرە بکەین. ئەوجا ناوەڕۆکی ڕۆشنبیری کە هونەرە هەتا یەکگرتوو یەکانگیر نەبێ ، شێواو و ئاڵۆز دەمێنێ . بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵ چاند و ڕۆشنبیری هێزێکی مەعنەوییە . بۆیە دەبێ پرسەکانی هونەر و بەتایبەت موزیک بەچڤات بنەسێندرێن .

کێشەکانی موزیکی کوردی بەڕاستی گەورەن. جڤاتی کورد وەک دەزانرێ بندەستە. هێندێ پارچەی کوردستان بەزمانی خۆی خۆی پەروەردە کردوە ، بەزمانی خۆی گۆرانی چریوە. وەلێ لەباکور قاچاخ و قەدەخە پشتی ڕۆشنبیری و هونەرەکەمانی شکاندبوو . واتە چاندی کوردی بەزمانی کوردی دەرنەبڕدرا. گۆرانیە فۆلکلۆرییەکانمان بەزمانی تورکی ، عەرەبی وتەنانەت فارسی گوتراون . ئێکیان داون ، چونکە بێخاوەن بوون . پێویستە هەڵگەڕێینەوە سەر سەرچاوە کلاسیکەکانمان و گەوهەرە نبوومکانمان بدۆزینەوە . گەلێک مەقامی ئێمە بوونەتە بنەوانی موزیکی عوسمانی ، لە حوسەینی سەباحەوە بگرە هەتا حیجاز هەموی هی ئێمە بوون. پێویستە موزیکی ئێمە سەر



# با گشتمان لەدەوری دەزگا کوردستانیەکاناندا کۆببینەوە و دەست بەهەڵمەتی ژیاندنەوەی ڕۆشنبیری نیشتمانی بکەین



لەنوێ ڕۆحی کوردستانی بگرێتەوە ، ئەمەش خەباتێکی پسپۆرانەی گەرەکە. پێویستە هەر هونەرمەندێکی کورد لەهەمان حاڵدا لێکۆڵەرەوەش بێ. کۆنە بەرهەمەکان کۆ بکاتەوە و لە نوێوە بنیاتیان بێنێتەوە و نۆژەنیان بکاتەوە. لاوەکانمان جاروبار چی دەژەنەوە ، دەقاودەق دەیهێننە زمان ئەمە لە حاڵێکدایە کەبەمجۆرە کۆمەڵێک هەڵە دەخولقێنن؛ من دژی نۆژەن کردن نیم ، وەلێ دەبێ بەزانایی بکرێ و ڕۆحی کوردی تێدا هەبێ. پێشنیار چارەسەرم ئەوەیە کە کلاسیکەکان و فۆلکلۆرکان کۆبکەینەوە و لە نوێوە نۆژەنیان بکەینەوە.

کوردستانی ئیمڕۆ: ئێمڕۆ گەلی کوردستان لەپرۆسەی گەشەی جڤاتی خۆیدا ، کەوتۆتە قۆناخێکی نوێوە ، لەم قۆناخە تازەدا هونەر و موزیکی کوردی چۆن دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێرن؟.

بەسەر شاهین : بێ شک گەلی کوردستان لە مردن ڕزگار بوو و خۆی بوژاندەوە و بۆوە خاوەنی دۆزەکەی ، ئێمڕۆ لەناو جەرگەی ڕۆنیسانسی کوردستانداین ، گەلەکەمان گەلێک جاران سەری هەڵداوە ، وەلێ دایانپڵۆساندون ، چونکە خێڵەکی و ناوچەیی بوون ، هیچ یەکێتی و هاوپەیمانیەکی کوردان نەبوو. ئەنجامیش هەمیشە مردنی هەزاران دەردەهات . وەلێ لە تێکۆشینی ڕزگاری نەتەوەییدا و بەتایبەت بەڕێبەری ب. عەبدولا ئۆجەلان ئەو کێشەیە چارەسەر بووە و تەڤگەرێکی نیشتمانی لەدایک بووە. واتە گەل بوو بە خاوەنی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا ، بووە خاوەنی فەلسەفەی ژیانێکی تازە و بۆوە خاوەنی خۆی . ئیمڕۆ هاوپەیمانی نیشتمانی چێ بووە و هەرکەس بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی هەوڵ دەدا و تەنانەت گیانیش دەدا. ئەمەش لە مێژوی کورداندا قۆناخێکی نوێ نیشان دەدا. ژیانەوەیەکی دیکەیە. ئەمە گۆڕانکارییەکی گەورەیە و لە کەسێتی هونەری شۆڕشگێریدا ڕەنگ دەداتەوە. لەڕابردودا گەلێک گۆرانی هەبوون وەک مەم وزین و دەروێشی عەڤدیکە بانگەوازی داخوازەکانی گەل بوون ، هەروەها گۆرانی مێرانی و حیماسەیش هەبوون کە باسی ئاغا و بەگە کوردەکان دەکەن، هێندێ هونەرمەند ئێستاش ئەو هونەرە کۆنە دوبارە دەکەنەوە ، لەحاڵێکدا لەسەردەمی نوێدا حیماسەی زۆر تازەمان هەیە و تائێستاش نەگوتراون . دەبێ ئەمە بەبەشی هەڵسەنگێرێ و بکرێتەوە گەوهەری هونەرەکەمان.

لە دواییدا دەمەوێ سپاسی گەلی کوردستان بکەم بۆ ئەو بەرخۆدانە مەزنەی مێژوی نوێی پێ ئەخشاند . هیوا ر تکایەکیشم هەیە، ئێمە وەک گەلێکی بێ نیشتمان گەلێک لەبەر خۆمان داوە ،بەرگریمان کردوە، . ئێمڕۆ هێشتا بەرخۆدان پێویستە بەتایبەت لەبواری هونەردا دەبی گەلەکەمان ڕۆشنبیری خۆی بەباشی بپارێزێ . دەبێ هەر ماڵێک بێتە سەنگەری زمان و ڕۆشنبیری کوردی .
ئەمە ئەرکێکی ژیانیە . باگشتمان لەدەوری دەزگا کوردستانیەکاناندا کۆببێنەوە و دەست بەهەڵمەتی ژیاندنەوەی ڕۆشنبیری نیشتمانی بکەین. لەقۆناخی نوێدا بەهەڵمەتی تازە دەتوانین وەچی لاوان قازانج بکەین و بەهونەرێکی گەرم و گۆرتر پیلانی تازەی تەفروتوناکردنی ناسنامەی کوردی لەباربەین.
لەدواییدا خۆشەویستی و ڕێزی بێ پایانم ئاراستەی گەلەکەمان لە باشور و ڕۆژهەلاتدا دەکەم و لەرێی ئەم گۆڤارەوە دوبارە سلاو ورێزی خۆمیان پێشکەش دەکەم.

بەشی ڕیپۆرتاژ





# ئاڤەندا چاند و هونەرا کوردی

پێشانگەهەک شێوەکاری




ئاڤەندا چاند و هونەرا کوردی ل ڕۆژا ١٩/ ٢ / ٢٠٠٠ کاتژمێر ١٨ پێشانگەهەک شێوەکاری ڤەکر، بەرهەمێن هونەری یێن چار هونەرمەندێن کورد ئەڤ پێشانگەهە خەملاند.



ZOUHER HASSIB

**هونەرمەندێن پشکدار**

- زوهێر حەسیب ، باشورێ بچوک
- فەهمی بالآیی ، باشورێ مەزن
- ئلتر ڕێزان ، باکور
- فەتحی ئەسلان ، باکور





هەژی گۆتنێ یە هونەرمەند ئاگر ب چەند وێنێن فۆتۆگرافی پشکداری پێشانگەهێ بو، دناڤ چارچۆڤێ ڤان وێنەیاندە ڕەوش و خەملا کوردستانێ یا شونەواری و خوەرستی هاتن نیشاندان، مینا گۆڕا فەیلەسوفێ کوردێ ئاڤدار ئەحمەدێ خانی ، دێرا ئیسحاق پاشا، چیایێ ئاگری و گەلەک دیمەنێن دن.

## ئاهەنگا ڤەکرنێ

نێزیک ٢٠٠ مێهڤان و ئاشقێن هونەری، ژ کوردی و بیانیان دئاهەنگا ڤەکرنا ڤێ پێشانگەهێ دا بەشداری کر، هەر بڤێ هەلکەفتێ ئێڤاریەکا موزیکا کوردی هات لدارخستن و ڤان هونەرمەندێن کورد هەوڵدا رەسەنیا موزیکا کوردی ب مهڤانێن بیانی بدەن زانین و ب ئاوازێن کوردی پێشانگەهە خەملی « دلدار حجی ، بەدرخان تاهە ، ئایدن، ئوندەر، سیامەند ».
چەندین پەرلەمانتەرێن کورد یێن ئەیالەتا بەرلین و ڕۆژنامە و گۆڤارێن کورد و بیانی سەردانا ڤێ چالآکیا هونەری کر، بەشداربویان هەستێن خوە ب گەلەک شێوان ئانی زمان و گەلەک بابەتێن گرێدای ڕەوشا ئیرۆیین یاچاند و هونەرا کوردی هاتن گەنگەشە کرن.

# مەڵۆتکەی سەرحەد



من ئەوم دیتبوو!
لەهەولێر چاوم پێکەوت سازی پێبوو.
لەسلێمانی سازی پێبوو
دواجار لەکێلەشین و فەراشینیش سازی پێبوو
ئەو بەسازەوە هات و بە سازیشەوە ڕۆیشت

ئەو کاتەی زۆڵە خەرە مێژەرەسوورەکان
دەشتی قەراج و قەڵایان خوێناوڵ کرد
فرەکەس سترانی چڕی
وەلێ کەسیان نەبوونە هەرواهاواری
دەشت و قەڵا ، ئەو نەبێ

ئەمێستاش هەوای ،هەولێر، هەولێر، ەکەی
ئاوازی ناخە قاوەییەکەمە
هەرکە دەیبیستمەوە . گڕێ ،ڕوناهی و هونەر
ئازای ئەندامم هەڵدە پروزێنی
ڕۆژە سەوزەکانی دەشتی خوێناوڵ
لەزەینە قاوەییەکەمدا وەدەژێنێ

دایکی ڕوجەرمو لە سەرحەد بە دنیای هاورد
ئاشنای پلاژەکانی ستەنبۆل و راین بوو
پلاژەکان تۆکیان پێ هەڵدابوو
وەلێ ئەو ئانە وەگەڕا
پەنجە و دەمی بوونەوە بە
فریارەسی خاکی سورمایی

ژۆژانەکانی فەراشینیش هەواڵێکیان ناردبوو
مەڵۆتکەکەی سەرحەد
چوو بووە میوانی فەراشین

هەڤاڵان تەرمەکەیان دابووە کۆڵ
ئەوەندەی دوومەتر کۆرتە خاکیش میواندارى بوو
دەیانگوت:تەرمێک و سازێکی شکاویان پێکەوە ناشت .

•••••••

من ئەوم دواندبوو
لەهەولێر چاوم پێکەوت سازی پێبوو
لەکێلەشین و فەراشینیش سازی پێبوو
ئەو بەسازەوە هات و بەسازیشەوە چوو

ئەو دەمەی زۆڵە خەرەمێژەر سوورەکان
١٦ یان خوێناوڵ کرد
فرەکەس هۆنەی هەڵبەست
وەلێ کەسیان نەبوونە هاواری
دەشت و قەڵا . خۆی نەبێ

هەوای ،سیپان ، سیپان، و
،کێلە شینی، تەلی ڕۆحم دەلەرێننەوە
ئەشکەوتە کەی قەندیل و زۆستانی ٩٨
شەپۆل . شەپۆل بە بەردەممدا رادەبورن
ئیتر ناخی قاوەییم هەرگز لەبیری ناکا.


ژۆژانی فەراشین خەبەرێکی ناردبوو
مەڵۆتکەکەی سەرحەد ببووە میوانی ژۆژان
هەڤالان تەرمەکەیان دابووە کۆڵ
هەمو مێکی دومەتر خاکی سورمایی بوو
تەرمێک و سازێکی شکەستەیان پێکەوە ناشتبوو
راستبوو . هـ. سەرحەدی هۆزان شەهید بوو .

**مامەند ڕۆژهەلاتی**





# ڕۆژی جیهانی ژنان



ڕۆژی [illegible] مێژووی خەباتکردنی سالەهای سالی ژنانی جیهانیە ، یەککرتنی [illegible] مێژووی هەموو ژنانی جیهانە ، [illegible] بز بەجەوسانەوەدەکرێن و مافە [illegible] و سەرکوتکردن لە [illegible] وەکو کەسکردنەوەی [illegible] پیش کرسیان ، بەرگری [illegible] بەرگری کردن [illegible] بەروەردە کرن و [illegible] دارایان [illegible] کۆمەلایەتی و سیاسی [illegible]

[illegible] جیهانیدا [illegible] ژنانی جیهانیە

[illegible] ئەم ڕۆژەش لە هەموو وڵاتانی جیهاندا [illegible] ژنان و [illegible] ئاشکرایە [illegible] زنانی [illegible]

[illegible] زنانی [illegible]

لەلایەکی کەوە ئاشکرایە [illegible] میللەتی جیهاندا [illegible]

ئازادی ژنی [illegible] بۆ پێشکەوتنی ژن لەکۆمەلگا

ئەگەر بەراوردی میللەتی کورد بکەین و کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی بکەین لەگەڵ کەلانی عەرەب، تورک و فارسدا تاکو ئەمرو [illegible] ژنانی کورد کەلێک [illegible] کە [illegible] قوناخی مێژووی ژیانی [illegible] کورد لەناو مێژووی میللەتەکەیدا

بو نموونە کوردستان هەر لەسەردەمی کونەوە تا ئەمرو [illegible] و فەلسەفەی [illegible] کۆمەڵی کوردەواری داکوتاوە . وەک ئایینی زەردەشتی [illegible] یەزدی وعەلەوی [illegible] ژنی کورد هەلگری کولتوری و بیردوزی ئەم سیستەم و ڕیبەری ئایینی و فەلسەفانە بوو تا ئەمرو کە [illegible] و ڕەفتار و ژیانی ڕوژانەیدا ڕەنگدەداتەوە کە بوتە بەرگێکی [illegible] واتە هەلگری خورەوشت و [illegible] و پەروەردەکردنی کولتوری ناوکومەڵی کوردەواری بەپێی سیستەمی کولتوری کوردی باسی یەکسانی ژن و پیاو دەکری جگە لەمەش کوردستان پەرستگای چەندەها خواوەندی ژن بوە وەکو خوای [illegible] خوای زەوی و [illegible] لەلایەن هەموو [illegible] پەرستراوە و پەسند کراوە. هەروەها خوای [illegible] خوای جوانی بوە [illegible] و پەسند کراوە.

ئەم شتانە [illegible] کورد وەک خوایەک [illegible] و پارمەتی [illegible] پەرستی [illegible] لەلایەن [illegible] کۆمەڵی


کوردەواریدا چەوسێنرابێتەوە و بچوسێنرێتەوە هەتا ئەمرو ژن لەشێوەی خواکا خوی دەبینێتەوە لەناو کومەلکادا، لەلایەکی کەوە بارودوخی سیاسی کوردستان کورانکاریانەی زوری بەسەردا هاتووە لەهەموو قوناخەکانی مێژوودا، و لەسەر هەموو ڕوویەلەی بیرەوەری مێژووی کورد ژنی کورد هەموو کاتێک بەرکەی شەپولی ئەو کورانکاریانەی کردووە کە لەهەمان کاتدا بەبیروبوچونێکی تازەوە هەنگاوی ناوە و بەهەمان شێوە رولێکی سیاسی وەرکرتوە، یاخود ئەنرایەتی ئەوی ئەرکردووە یاخود خەباتکەرێکی ئاشتیخواز بووە بو هێنانە دی و بەرگری کردن لەمافی ژنی کورد بو نمونە وەک کەرێدەی ئینگلیزی lucy.m.j.jarnett لەکتێبەکەیدا [illegible] WOMEN OF TURKEY AND THEIR FOLKLORE

باسی شاسوارێکی کورد دەکات بەناوی «خانو فاتمە کارا» کە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا لەسالی ١٨٣٦ بەخوی و ٣٠٠ ئەسپ سوارەوە لەشاری مەرزاوە بەرەو ئەستەمبول کەوتە ڕێ بو کفتوکوکردن لەگەڵ لەشکری عوسمانیەکاندا کە ئەمە نمونەیەکە لەسەرکان ژنی کورد کە بەم شێوەیە شاسوارێکی ڕێگای خەباتی گەلی کوردبوو.

هەروەها پاش ڕاپەڕینی بووبی کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم و پاش سالانی ١٩٢٠ چەند ژنێکی کوردی ئازای بیر ڕوناک و کورپەروەر لە کوردستاندا دەرکەوتن وەکوو خانم جەیلە خانی نەقیبی ، ژنی شێخ قادری برای شێخ مەحموودی حەفید کە [illegible] باسی خوازانەی بو ژنان کرد و لە [illegible] ی سەبیەمبەری ١٩٣٠ پێشنیارێکی ئەنوسی بیشکەش بەکومەلەی گەل لەسمانی کرد بو جێبەجی کردنی مافی ژنان. هەروەها چەند ژنێکی کورد لەبواری خزمەتکردنی ژنی کورددا هاتنە کایەوە وەکو: مینا خانمی [illegible] قازی محەمەد و عادلە خانم و فاتمە خانی « وەسمان پاشا ».

بەم شێوەیە دەبینین ژنی کورد هەلگری ڕویەلی مێژوی بیرەوەریە. خوای هونەر و جوانیە . سەرچاوەی ئیلهام و بەستە و گورانیە ، کەیبانوی مال و خانەیە سەرچاوەی بیروباوەڕیە . شازنی لەدەستچوی سامان و مال و کوریەیە ، کاروانێکی چەکداری بی شەکەی ڕێکای خەباتە پێشمەرگەیە و چاری خوشکی پێشمەرگەیە و جوری دایکی پێشمەرگەیە

**ڕوناک عەباس مستەفا**






KURDISKA INSTITUTET
Fridhemsgatan 15, 3 tr.
112 40 STOCKHOLM/SWEDEN
Tel. & Fax: 46-8-652 ... 29

